ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# ژمارەکان و ژماردن تا ٩ ٩٩٩ ٩٩٩

**ئامانج** ژمارەکان و ژماردن تا ٧ ڕەنووسی بناسێت.

**هاریکاری خۆشەویست** فێربە




١شەش پاڵوی یەکان لەگەڵ ٩ شەش پاڵوی یەکان دەبێتە ١ شەریتی دەیی لەگەڵ ٩ شەریتی دەیی تر دەبێتە ١ چوارگۆشەی سەدی لەگەڵ ٩ چوارگۆشەی سەدی تر دبێتە ١ شەشپاڵوی هەزاران لەگەڵ ٩ شەشپاڵوی تری هەزاران دەبێتە. شەریتێکی هەزاران . بەم شێوەیە. ١ + ٩ = ١٠=٩+١٠٠=٩٠٠+١٠٠٠=٩٠٠٠+١٠٠٠=١٠ ٠٠٠

---

ئەم وێنەی خوارەوە گالیسکەکانی شەمەندەفەرێك دەنوێنێ، گالیسکەکان بە پێی خانەکان ڕێك دەکەین .




ملیۆن بریتیە لە هەزار هەزار وە دەنووسرێت١٠٠٠٠٠٠



٢ شەریتی هەزاری وەردەگرین دەبێتە بیست هەزار و دەنووسرێت ٢٠٠٠٠

٧ شەریتی هەزاری وەردەگرین دەبێتە حەفتا هەزار و دەنوسرێت ٧٠٠٠٠

٩ شەریتی هەزاری وەردەگرین دەبێتە نەوەد هەزار و دەنوسرێت ٩٠٠٠٠

١٠ شەریتی هەزاری وەردەگرین دەبێتە سەد هەزار و دەنوسرێت ١٠٠٠٠٠

---

**چالاکی** ئەم خشتەیە تەواوبکە بە نووسینی هێمای ژمارەکان:-

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٣٤٢٥ | | | |
| | | ١٧٢٣٠٦ | | |
| | | | ٩٣٢٥٠١٧ | |



واژووی هاریکار

پۆلی چوارەم

ناو ________________ بەروار ___/___/____



# ژمارەکان و ژماردن تا ژمارەکانی حەوت رەنووسی

**الهدف** ژمارەکان تا حەوت رەنووسی دەخوێنێتەوە ودەیانووسێت.

## هاریکاری خۆشەیست

فێری خوێندنەوەی و نووسینی ژمارەکان دەبین بەهۆی ئەم هێمایانەی خوارەوە .



٣ ٢ ٥ ١ ← ژمارەکە بریتییە لە ١٥٢٣

ژمارەی ٣ ٢ ٥ ١ دەخوێنینەوە بە پێی تیرەکان دەخوێندرێنەوە هەزار و پێنج بیست و سەد و سێ.

ژمارەی ٥ ٤ ٩ ٤ ٦ دەخوێنینەوە بەپێ تیرەکان دخوێندرێتەوە شەست وچوار هەزار و نوسەد و چل و پێنج.

---

**چالاکی ١** هەوڵ بدە ئەم خشتەیە تەواو بکەی:-

| هێمای ژمارەکان | نووسین | خوێندنەوە یژمارەکان |
|---|---|---|
|  | ٢٣٤٧ | |
| | | شەش هەزار و هەش سەد و نەوەد و چوار |
| | ٧٤٢١ | |

**نشاط ٢** خشتەکە تەواو بکە :-

| | | | |
|---|---|---|---|
| نووسینی ژمارەکان بەرەنووس | ٩٤٣٢٠٥ | | ٧٦٨٠٢٣٩ |
| خوێندنەوەی ژمارە بە پیت | | حەوت ملیۆن و سێسەد هەزار | |



واژووی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# ژمارەکان وژماردن

## بەهای خانەیی بۆ ئەم ژمارانەی هێماکانیان ٧،٦،٥ رەنووسە .

**ئامانج** بەهای خانەیی رِەنووسی ژمارەکە بناسێت .

**هاریکاری خۆشەویست**

بیر لـەم هێلکاریە بکەوە تیایدا فێری خانەکان (بە های خانەیی ) دەبیت .

| یەکان | | | هەزاران | | | ملیونان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکان | دەیان | سەدان | یەکان | دەیان | سەدان | یەکان | دەیان | سەدان |

✪ بازمارە ١٢٧٦٨وەرگرین بەپیَ ی ئەم هێلکاریەدەتوانین بەهایخانەیی هەموورەنووسەکان دیاربکەین.

| یەکان | | | هەزاران | | | ملیۆنان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکان | دەیان | سەدان | یەکان | دەیان | سەدان | یەکان | دەیان | سەدان |
| ٨ | ٦ | ٧ | ٢ | ١ | | | | |

١٢٧٦٨ = ٨ + ٦٠ + ٧٠٠ + ٢٠٠٠ + ١٠٠٠٠

ئیستا با ژمارە ٦٢٠٧٠٥٤ وەرگرین .

| یەکان | | | هەزاران | | | ملیۆنان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکان | دەیان | سەدان | یەکان | دەیان | سەدان | یەکان | دەیان | سەدان |
| ٤ | ٥ | ٠ | ٧ | ٠ | ٢ | ٦ | | |

٦٢٠٧٠٥٤ = ٤ + ٥٠ + ٠٠٠ + ٧٠٠٠ + ٠٠٠ + ٢٠٠٠٠٠ + ٦٠٠٠٠٠٠

**چالاکی ١**

بەهای رِەنووسی ٤ لە م ژمارانەی دێت چەندە:–

٤٠١٢٣، ٤٩٢٧٠١، ٤٣٠٠٢٥٩، ٦٤٤٥٢٣٤

........... ........... ........... ...........، ...........، ...........

**چالاکی ٢**

هەوڵ بدە تەواویان بکەی.

✪ ٦٧٤٥٣ = ٣ + ..... + ٤٠٠ + ..... + .....

✪ □٨□٠□٩ = ٢ + ..... + ١٠٠ + ..... + ٣٠٠٠٠ + .....



واژووی هاریکار



ناو ______________ بەروار ___/___/____

# ژمارەکان وژماردن

## بەراوردکردنی ژمارەکان

**ئامانج** هەردوو هێمای >،< به کاردێنێت بۆ بەراوردکردنی دوو ژمارە .

## هاریكاري خۆشەویست

با هەردوو ژمارەی ٥٤٣٧٩٢ ، ٥٤٦٧٩٢ بەراوردبکەین.

هێمای گەورەتر <

هێمای بچووکتر >

**هەنگاوی ١** لەیەکەم خانەی چەپ دەست دەکەین بەراوردکردن . لە هەردوو ژمارەکان.

٥٤٣٧٩٢ ٥٤٦٧٩٢

٥ = ٥

**هەنگاوی ٢** دەچینە خانەکەی تر هەر لەلای چەپ.

٥٤٣٧٩٢ ٥٤٦٧٩٢

دەبینین ٤ = ٤

**هەنگاوی ٣** دەچینە خانەکەی تربە هەمان ئاراستە هەر لای (چەپ)

٥٤٣٧٩٢ ٥٤٦٧٩٢

دەبینین ٣ > ٦



گەیشتینە ئەنجام دەوەستین دەبینین کە ژمارە ٥٤٣٧٩٢ > ٥٤٦٧٩٢

---

**چالاکی** هەوڵ بدە لەستوونی یەکەم ئەم هێمایە هەلبژێری کەلەگەڵ دەستەواژەی ستوونی دووەم دەگونجێ:-

| ستوونی یەکەم | ستوونی دووەم |
|---|---|
| < | ٣٢٩١٥٧ ◯ ٣٢٤٣٢٠ |
| > | ٥٠٠٤٣٧١ > ٣٧١ ◯٥٠٠ |
| ٣ | ٦٣◯٥٤١ < ٦٣٢١٤٥ |
| ٧ | ٩٢٥٠٣ ◯ ٩٢٥٨٤ |

ناو ________________ بەروار ___/___/____



# ژمارەکان و ژماردن

## ڕیزکردنی ژمارەکان

**ئامانج** ژمارەکان بەرەو خوارو بەرەوژوور ڕیزبکات.

**هاریکاری خۆشەویست** هەوڵ دەدەین ئەم ژمارانەی دێت بەرەوژوور(لەبچووکەوە بۆگەورە) ڕیزبکەین.

٦٢٧٨٩ ، ٦٢٤٣٠ ، ٦٢٧٦٤

**هەنگاوی ١** سەرەتا دەست دەکەین بەبەراوردکردن لەنێوا ن ڕەنووسەکانی گەورەترین خانەی لای چەپی هەردووژمارەکە

٦٢٧٨٩

٦٢٤٣٠

٦٢٧٦٤

ڕەنووسەکان یەکسانن (٦)

**هەنگاوی ٢** پاشان دەست دەکەین بەبەراوردکرد ن لەنیوان ئەوخانەیەی لەدوای دێت بە هەمان ئاراستە

٦٢٧٨٩

٦٢٤٣٠

٦٢٧٦٤

ڕەنووسەکان یەکسانن ( ٢ )

**هەنگاوی ٣** دەچینە ئەو خانەی لەدوای دێت

٦٢٧٨٩

٦٢٤٣٠

٦٢٧٦٤

دەبینین ٤ < ٧

واتە ٦٢٤٣٠ بچووکترە

**هەنگاوی ٤** هەردووژمارەکە بەراورددەکەین

٦٢٧٨٩

٦٢٧٦٤

دەبینین ٦ < ٨

واتە ٦٢٧٦٤ < ٦٢٧٨٩

ڕیزکردنی ژمارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە بەم شێوەیە دەبێت : –

٦٢٤٣٠ ، ٦٢٧٦٤ ، ٦٢٧٨٩

---

**چالاکی ١** هەوڵبدە ئەم ژمارانەی خوارەوە لە گەورەوە بۆ بچووك (بەرەو خوار) ڕیزیان بکەی.

٧٥٣٣٢٩٠، ٧٥٩٢١١٨ ، ٧٥٦٨٩٩٤

............، ............، ............

---

**چالاکی ٢** ژمارەی گونجاو لە ناو □ دابنێ بۆ ئەوەی دەستەواژەکە دروست بێت.

٤٥٢٦٢٠٩ > ٤٥٢٦□١٧ > ٤٥٢٦٠١٠



واژووی هاریکار



ناو ________________ بەروار ___/___/____

# ژمارەکان و ژماردن

## نزیکردنەوەی ژمارەکان

**ئامانج**
ژمارەکە بۆ نزیکترین دە ،سەد، هەزار نزیک بکاتەوە.

**هاریکاری خۆشەویست**

| بۆنزیکردنەوە لە نزیکترین دە | بۆنزیکردنەوە لە نزیکترین سەد | بۆنزیکردنەوە لە نزیکترین هەزار |
|---|---|---|
| سەیری خانەی یەکان بکە | سەیری خانەی دەیان بکە | سەیری خانەی سەدان بکە |

✪ سفرلە شوێنی خانە نزیکراوەکەوخانەکانی پێشی دادەنێین ئەگەرهیمای خانەی پێشی لە ٥ بچوکتر بوو ژمارە نزیکراوەکە وەك خۆی دەمینێتەوە .

✪ سفرلە شوێنی خانە نزیکراوەکەوخانەکانی پێشی دادەنێین ئەگەرهیمای خانەی پێشی ٥ بوویان لە پێنج گەورەتربووپاشان ١ بۆ خانە نزیکراوە زیاد دەکەین.

**نموونە**

با ژمارە ٣٥٤١٨١٧ بۆ نزیکردنەوەی ١٠ ، ١٠٠، ١٠٠٠، نزیك بکەینەوە.

**یەکەم** بۆ نزیکترین دە : دەبینین خانەی یەکانی ٧ . ٧ > ٥
واتە ٣٥٤١٨١٧ ≈ ٣٥٤١٨٢٠

**دووەم** بۆ نزیکترین سەد : دەبینین خانەی دەیانی ١ . ١ < ٥
واتە ٣٥٤١٨١٧ ≈ ٣٥٤١٨٠٠

**سێیەم** بۆ نزیکترین هەزار : دەبینین خانەی سەدانی ٨ . ٨ > ٥
واتە ٣٥٤١٨١٧ ≈ ٣٥٤٢٠٠٠

**نشاط**

هەوڵ بدە ژمارەکان بۆ نزیکترین دە، سەد، هەزار نزیك بکەیتەوە:-

| ژمارەکان | نزیکترین دە | نزیکترین سەد | نزیکترین هەزار |
|---|---|---|---|
| ٥٢٣١٧٣٤ | ≈ | | |
| ٥١٢٤٦٧٩ | ≈ | | |
| ٣٧١١٤٣ | ≈ | | |
| ٥٦٠١٢٣٦ | ≈ | | |



واژووی هاریکار

ناو ______________ بەروار ___/___/_____

# ژمارەکان و ژماردن

## نزیککردنەوەی ژمارەکان



**ئامانج** ژمارەکان بۆ نزیکترین سەدانی هەزار و ملیۆن نزیك بکاتەوە

### هاریکاری خۆشەویست

**رێگای یەکەم :** با هێڵی ژمارەکان بەکاربێنین بۆ نزیك کردنەوەی ژمارە ٥٢٦١٣٤٧ بۆ نزیکترین سەدانی هەزاران ژمارە ٥٢٦١٣٤٧ وەردەگرین و نزیکی دەکەینەوە بۆ نزیکترین سەدانی هەزاران دەبێت بروانینە خانەی دەیانی هەزار.

ئێستا ژمارەیەکی بچوکتر لە ٥٢٦١٣٤٧ با ژمارە ٥ ٢٠٠ ٠٠٠ بێت .

ئێستا ژمارەیەکی گەورەتر لە ٥٢٦١٣٤٧ با ژمارە ٥ ٣٠٠ ٠٠٠ بێت.

ئێستا ژمارەکان لەسەر هێڵی ژمارەکان دادەنێین




بەم شێوەیە ژمارە ٥٢٦١٣٤٧ نزیکراوە لە نزیکترین خانەی سەدانی هەزاران بو بە٥٣٠٠٠٠٠

**فێربە**

بۆ نزیککردنەوەی ژمارەکە لە ملیون سەیری خانەی سەدانی هەزاران دەکەین و هەمان هەنگاوەکانی پێشوو پەیرەو دەکەین

**رێگای دووەم :** با ژمارە ٥٢٦١٣٤٧ بۆ نزیکترین سەدانی هەزار نزیك بکەینەوە.

✪ ئەورەنووسەی کە راستەوخۆ لە پێش ئەو خانەیەدێت کە نزیك دەکەیتەوە دەست نیشانی .

دەکەین ئەم ژمارەیەیە ژمارە (٦) بەم شێوەیە ٥٢٦١٣٤٧ ٦ > ٥

✪ ئەگەر رەنووسەکە ٥ بوو یان گەورەتر بوو لە ٥ ئەوا (١) یەك بۆ ئەو رەنووسە زیاد دەکرێت کە لیی نزیك دەکرێتەوە ئەگەر رەنووسەکە لە ٥ بچووکتربوو ئەوا سفر لە شوێنی رەنووسەکە و رەنووسەکانی پێش دادەنرێت.

٥٢٦١٣٤٧ ≈ ٥٣٠٠٠٠٠



**چالاکی** ژمارەکان بۆ نزیکترین سەدانی هەزار و ملیۆن و نزیك بکەوە .

| ژمارەکان | بۆ نزیکترین سەدانی هەزار | بۆ نزیکترین ملیۆن |
|---|---|---|
| ٥١٢٤٦٧٩ ≈ | | |
| ٦٧٨٢٥٦٠ ≈ | | |
| ١٦٥٣٢١٤ | | |
| ٥٢٣١٧٣٤ ≈ | | |

ناو ______________ بەروار ___/___/_____



# ڕێگاكانی شیكاری پرسیارەكان

**ئامانج** پرسیارەكان شیكار بكات.

## هاریكاری خۆشەویست

ژمارەی قوتابیانی پۆلی یەكەمی بنەرەتی لە یەكێك لە قوتابخانەكان (١٢٤) قوتابی بوو،، و ژمارەی قوتابیانی پۆلی دووەم (٢١٨) قوتابی بوو و ژمارەی قوتابیانی پۆلی سێیەم (٢١٠) قوتابی بوون سەرجەمی قوتابیانی پۆلی یەكەم و سێیەم چەندن؟

**تێبگە**

داواكراو چییە؟ سەرجەمی قوتابیانی پۆلی یەكەم و سێیەم بدۆزێتەوە.

ئەو زانیاریانەی بەكاریان دێنیت چین؟ ژمارەی قوتابیانی پۆلی یەكەم وسێیەم.

ئایا زانیاری تر هەیە بەكاریان نەهێنیت؟ بەڵێ؟ ژمارەی قوتابیانی پۆلی دووەم.

**پیلاندانیٚ**

جۆری كردار چییە؟ كرداری كۆكردنەوە.

**شیكار**

وەڵام دەدۆزمەوە:–

١٢٤ + ٢١٠ = ٣٣٤ قوتابی.

**ساغبكەوە**

ئەنجام – یەكێك لە ژمارەكان = ژمارەی دووەم

٣٣٤ – ١٢٤ = ٢١٠ قوتابی

ئەم ڕێگایە تەنها لەسەر
كۆكردنەوە جێبەجیٚ ناكرێت
بەڵكولەسەر شیكاری هەموو
پرسیارەكان جێبەجیٚ دەكرێت



**چالاكی** داوێك درێژیەكەی ( ٢ ) مەترە، و داوێكی تر درێژیەكەی ٧ مەترە كام لەم دوو داوە كورترە ؟

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکان
## خەملاندنی سەرجەم و جیاوازی

**ئامانج** ئانجامی هەردوو کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردنی بە نزیکراوەیی بناسێت.

**هاریکاری خۆشەویست**

باهەردوو ژمارەی ٢٥٤٢٣، ٣٨١٧، وەربگرین و کۆیان بکەینەوە.

دەبێتە

١ ١
٢ ٥ ٤ ٢ ٣
٣ ٨ ١ ٧ +
٢ ٩ ٢ ٤ ٠

هەردوو ژمارەکە لە هەزاران نزیك دەکەینەوە

٢ ٥ ٤ ٢ ٣ ← ٢ ٥ ٠ ٠ ٠
٣ ٨ ١ ٧ + ← ٤ ٠ ٠ ٠ +
٢ ٩ ٠ ٠ ٠

خەملاندنی کۆکردنەوە دروستە

---

**نشاط** ئیستا با ئەنجام بدۆزینەوە ٦٩٤٤٨٥ – ٥٣٤٤٥٦

دەبێتە

٧ ١٥
٦ ٩ ٤ ٤ ~~٨~~ ~~٥~~
٥ ٣ ٤ ٤ ٥ ٦ −
١ ٦ ٠ ٠ ٢ ٩

هەردوو ژمارەکە لە سەدانی هەزاران نزیك دەکەینەوە

٦ ٩ ٤ ٤ ٨ ٥ ← ٧ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠
٥ ٣ ٤ ٤ ٥ ٦ − ← ٥ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ −
٢ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

خەملاندنی کۆکردنەوە دروستە

---

**چالاکی** ئەنجامی ئەمانە بخەملێنە:–

٩ ٧ ٦ ٢ ٥ ٤ ← 
١ ٠ ٥ ٢ ٢ ٤ − ← −
__________

١ ٠ ٢ ١ ١ ١ ← 
٣ ٩ ١ ٠ ٠ ٥ + ← +
__________

پۆلی چوارەم

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکان
## سفر لە لێدەرکردن

**ئامانج** شوێنی سفر لە لێدەرکردن فێرببێت.

**هاریکاری خۆشەویست**

با ئەنجام ئەژمێر بکەین ٩٥٤٠٠ – ١٤٣٢٦

**هەنگاوی ١** یەکان لێکدەردەکەین

٩٥٤٠٠
– ١٤٣٢٦

٠ < ٦ دەچینە خانەی دەیان

٠ < ٢ دەچینە خانەی سەدان

**هەنگاوی ٢**

٩ ٥ ٤ ٠ ٠ (٣ ٩ ١٠)
– ١ ٤ ٣ ٢ ٦
٨ ١ ٠ ٧ ٤

٤ سەدی خوردبکەوە

١٠ دەیان + ٣ سەدان

ئێستا ئەنجام (٨١٠٧٤) دەخەملێنین بۆ نزیکترین دەیانی هەزاران دەبێتە ٨٠٠٠٠

ئێستا با ئەم نموونەیەی خوارەوە وەرگرین :–

٣١٧٠٠
– ١٣٩٧٥

٧ سەدی خوردبکەوە

١٠ دەیان + ٦ سەدان

دەبێتە

٣ ١ ٧ ٠ ٠ (٦ ٩ ١٠)
– ١ ٣ ٩ ٧ ٥
٢ ٥

١ هەزاری خوردبکەوە

١٦ سەدان + سفر هەزاران

چونکە ٠ > ٣

دەبێتە

٣ ١ ٧ ٠ ٠ (٢ ١٠ ١٦ ٩ ١٠)
– ١ ٣ ٩ ٧ ٥
١ ٧ ٧ ٢ ٥

٣ دەیانی هەزار خوردەکەینەوە

١٠ هەزاران + ٢ دەیانی هەزاران

١ < ٣ دەچینە خانەی دەیانی هەزاران

ئێستا ئەنجام دەخەملێنین بۆ نزیکترین دەیانی هەزاران دەبێتە ٢٠٠٠٠

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجامی ئەمانەی دێن بدۆزیەوە بە خەملاندن ساغبکەیەوە:–

٣٠٠٠
– ٢٢١٨

٥٠٠٩
– ٢٨٩٤

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



## کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکان
## بڕی ژمارەیی

**ئامانجەکان**

١ – بڕی ژمارەیی بناسێت.

٢– فێریی چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەنجامی بڕی ژمارەیی ببێت.

### هاریکاری خۆشەویست

**فێربە کە ئەمانە: –**

( ٣ + ٧ ) – ٥
( ٩ – ١ ) + ٣
بری ژمارەیی دەنوێنین

بەڵام ئەمانە:–
( ٣ + ٧ ) – ٥ = ١٠ – ٥ = ٥
( ٩ – ١ ) + ٣ = ٨ + ٣ = ١١
بری ژمارەیی نینە

---

**ئیستا هەوڵ دەدەین بەهای بری ژمارەیی ئەمانەی خوارەوە ئەژمێربکەین: –**

✪ ( ١٢ + ٥ ) – ٣ = (١٢ لەگەڵ ٥ کۆبکەوە، سەرەتا کرداریی ناوکەوانە ئەنجام دەدرێت )
١٧ – ٣ = ١٤

✪ ١٩ + ( ٧ – ٤ ) = کرداری ناوکەوانە ئەنجام دەدەم (٤ لە ٧ دەردەکەم )
١٩ + ٣ = ٢٢



**بەدەست دێنم**

بڕیی ژمارەیی: ژمارەکان و هێماکانی کردارە ژمێرەییەکان لە خۆ دەگرێت بەڵام هێمای یەکسانە (=) لە خۆناگرێت.

---

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجامی هەریەك لەمانە بدۆزیەوە:–

✪ ( ٢٧ – ٦ ) + ٨ + ٤ =

✪ ٥٧ – ( ٣ + ٢ + ٤ ) =



ناو ________________ بەروار ___/___/_____

## چارەسەرکردنی پێدراوەکان

**ئامانجەکان**

١. ناوەراستە بناسێت و بیدۆزێتەوە .

٢. مۆد بناسێت و بیدۆزێتەوە.

### هاریکاری خۆشەویست

با ئەم ژمارانەی دێن وەربگرین ٤ ، ٩ ، ٣ ، ١٧ ، ١٢ هەوڵ بدەین ناوەراستەیان بدۆزینەوە سەرەتا ژمارەکان ریز دەکەین بەرەو ژووریان بەرەو خوارەوە بە پێی ئارەزوو ئێمە سەربەرەو ژووریان ریزدەکەین. ریزکردنی ژمارەکان بەم شێوەیە دەبێت:

٣ ، ٤ ، ٩ ، ١٢ ، ١٧ ژمارەکان بە داوێك وەدەکەین و وەك ئەم ڕستەیەی شێوەی بەرامبەر

---




ژمارەیەك لە لای ڕاست و ژمارەیەك لە لای چەپی داوەکە بەر دەدەینەوە شێوەی بەرامبەر وای لێ دێت.

---




بەردەوام دەبین لەبەردانەوەی ژمارەیەکی چەپ و ژمارەیەکی ڕاست داوەکە شێوەکە وای لێ دێت

ئەو ژمارەیەی دەمینێتەوە ناوەڕاستە دەنوێنێ

ناوەراستەی ژمارەکانی پێشوو بریتییە لە ٩.

---

لەم شێوانەی خوارەوە فێربە کە:-




مۆد بریتیە لە ٩




مۆد بریتیە لە ١٢ ، ١٥




مۆد نی یە



مۆد بریتیە لەو ژمارەیەی کە زۆرتر دووبارە دەبێتەوە

**چالاکی** هەوڵ بدە مۆد و ناوەراست لەم ژمارانەی خوارەوە بدۆزیەوە :

✪ ٨ ، ٥ ، ٣ ، ٨ ، ٩ مۆد............ ناوەراست .............

✪ ١ ، ٢٢ ، ١٣ ، ١٧ ، ٨ ، ٦ ، ١٠ مۆد .......... ناوەراست .............

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# چارەسەرکردنی پێدراوەکان

## خاڵەکان لەسەر تۆڕی چوارگۆشەکان

**ئامانجەکان**

١. تۆری چوارگۆشەکان بناسیێت.

٢. خاڵەکان لەسەر تۆڕی چوارگۆشەکان دیاربکات.

### هاریکاری خۆشەویست

با کاغەزێك وەرگرین و بەشی بکەین بۆ چەند یەکەیەکی چوارگۆشەیی یەکسان بە وێنە کە بکێشین بە هێلکاری ئاسۆیی و ستوونی بەمە دەوترێت تۆری گۆشەیی.



تۆری چوارگۆشە

- ژمارەکان لەسەر تۆرەکە دەنوسرێت لە سفر دەست پێدەکات بە شێوەی زنجیرەیی دەبێت بەرەو ڕاست و ژوور.

ئیستا شوێنی ئەم گولە لەسەر تۆری چوارگۆشەکان لە کوێیە؟

لە سفرەوە ( ٢ ) چوارگۆشە بەرەو ڕاست دەرۆم

پاشان بەرەو ژوور ( ٥ ) چوارگۆشە سەر دەکەوم

شوێنم لەلای ( ٢ ، ٥ ) دەبێت.



با ئیستا نموونەی دێت وەرگرین، خاڵەکانی ( ٤ ، ٧ ) ، ( ١ ، ٣ ) لەسەر تۆری چوارگۆشەکان دابنێین.







**چالاکی**

بەبەکارهێنانی تۆری چوار گۆشەکان: –

١ – شوێنی سێوەکە لەسەر تۆری چوارگۆشەکان بریتیە لە ( ، ).

٢– هەوڵ بدە خاڵی ( ٢ ، ٤ ) لەسەر تۆری چوارگۆشەکان دابنێی.

٣ – هەوڵ بدە خاڵی ( ١ ، ٣ ) لەسەر تۆری چوارگۆشەکان دابنێی





واژووی هاریکار

ناو ________________ بەروار __/__/____



## هێڵەکانی روونکردنەوەیی

**ئامانج** هێڵەکانی روونکردنەوەیی بەکاردێنێت بۆ دەربڕینی پێدراوەکان

### هاریکاری خۆشەویست

بیر لەم وێنە روونکردنەوەیە بکەوە کە میوە پەسندکراوەکانی لای قوتابیان دەنوێنێ .




- لە هێڵە روونکردنەوەیەکە ئەمانە بەدەست دێنین:

**١٥** قوتابی میوەی تری پەسند دەکەن.

**٢٠** قوتابی میوەی هەنار پەسند دەکەن.

**١٠** قوتابی میوەی هەرمێ پەسند دەکەن .

**٢٠** قوتابی میوەی پرتەقاڵ پەسند دەکەن.

**٣٠** قوتابی میوەی مۆز پەسند دەکەن.

---

**چالاکی** لە پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل چوار رەنگ لە ئۆتۆمبیل هەیە.




١- ژمارە ئۆتۆمبیلە رەشەکان ......... ئوتومبێلن.

٢- ژمارە ئۆتۆمبیلە سپیەکان ........ ئوتومبێلن.

٣- ئەو ئوتومبیلانەی ژمارەیان لە هەمووان کەمترە ...........

٤- ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە رەنگیان ........... ٥ . ئوتومبێلن.





واژووی هاریکار



ناو ________________ بەروار ___/___/_____

# خوێندنەوەی کات و ئەژمێرکردنی ماوە

**ئامانجەکان**

١. کات بخوێنێتەوە و بنووسێت .

٢. ماوەی نێوان دوو کات ئەژمێر بکات.

## هاریکاری خۆشەویست

ئەگەر بیر لە هەر دوو کاتژمێرە رەنووسدارەکو ومیلدارەکە بکەیتەوە دەبینیت






| کاتژمێری رەنووسی | کاتژمێری میلدار |
|---|---|
| دەخوێندرێتەوە : هەشت و پەنجا خولەك | دەخوێندرێتەوە : نۆ و چل خولەك |
| یان: نۆ کەم دە خولەك : یان نۆ دەی دەوێت | یان:دە بیستی دەوێت یان دە کەم بیست |
| وە دەنوسرێت: ٨:٥٠ | وە دەنووسرێت:٩:٤٠ |

بەبەراورد کردنی کات لە هەردوو کاتژمێرەکە ماوە ئەژمێر

دەکەین بەمشێوەیە:- ٨:٥٠ ٩:٤٠

ماوە ٥٠ خولەك

**فێربە**

١ رۆژ = ٢٤ کاتژمێر

١ کاتژمێر = ٦٠ خولەك

١ خولەك = ٦٠ چرکە

**چالاکی ١** هەوڵ بدە کات بە شێوەی رەنووسی بنووسێت.

چوار و بیست خولەك ......................

نۆ کەم حەڤدە خولەك ...........................



**چالاکی ٢** هەوڵ بدە کات بە شێوەی رەنووسی بنووسێت: -











--------- --------- --------- ---------

----------------- ----------------- ----------------- -----------------

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# لێکدان ودابەشکردن

## ێکدان لە ژمارەیەکی یەك رەنووسی

**ئامانج** ژمارەیەك لە ژمارە یەکی یەك رەنووسی دەدات .

### هاریکاری خۆشەویست



لە جەژنی لە دایك بوونی خالد دایکی سێ قالب کێکی ئامادەکرد، هەر قالبێك ٦ مۆمی لەسەر دانا .

ژمارەی مۆمەکانی لەسەر سێ قالبەکانی دانا بریتییە

٣ × ٦ = ١٨ شمعە

کۆلکە    کۆلکە    ئەنجامی لێکدان

بیر لە وێنەی دێت دەکەینەوە، دەبینین.



٤ قاب ریزکراوە هەر قاپەی ٥ پارچە شیرینی لەسەر دانراوە.

واتە : ٤ × ٥ = ٢٠ پارچە شیرینی.

---

**چالاکی** با ئەمانەی خوارەوە تەواو بکەین بۆ ئەوەی پرسیارەکان دروست بن:-

١٨ = ٢ × ٩

٣٥ = □ × □

٤٨ = ٦ × □

٤٠ = □ × ٨

□ = ٧ × ٤

٢٠ = □ × ٤

٦٤ = □ × □

٨١ = ٩ × □

٥٦ = □ × ٧

□ = ٥ × ٦



ناو ________________ بەروار ___/___/_____

# لێکدان لە ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی



**ئامانج** ژمارەیەك لە ژمارەیەکی تری دوو ڕەنووسی بدات.

## هاریکاری خۆشەویست

با هەردوو ژمارەی ٧،٢٥ وەرگرین و ئەنجامی لێکدانیان بدۆزینەوە.

٢٥ × ٧ =

٥ یەکان ٢ دەیان ⟵ ٢٠ + ٥

× ٧

١٤٠ + ٣٥

١٧٥

---

ئیستا ئەوە وەردەگرین ٣٤ × ٥٢

٣٤

× ٥٢

**هەنگاو ١** خانەی یەکان وەردەگرین کە بریتیە لە (٢) لە ژمارەی (٣٤) دەدەین

٣٠ + ٤

× ٢

٦٠ + ٨

٦٨

**هەنگاو ٢** خانەی دەیان وەردەگرین کە بریتییە لە (٥) دەیان و لە ژمارە (٣٤) دەدەین.

٣٠ + ٤

× ٥٠

١٥٠٠ + ٢٠٠

١٧٠٠

٦٨ + ١٧٠٠ = ١٧٦٨ (ئەنجام)

---

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجامی ئەمانەی خوارەوە بدۆزیەوە:-

✪ ٣٦ × ٢٢

✪ ٢٥ × ٨٢



واژووی هاریکار

ناو ____________ بەروار ___/___/____

# لێکدان



لێکدانی ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی لە ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی بە خەملاَندن.

**ئامانجەکان**

١. بەشەکانی کرداری لێکدان فێرببێت.

٢. ئەنجامی لێکدان بخەملێنێ.

## هاریکاری خۆشەویست

با ١٥٦ × ٢ وەرگرین

١٥٦ ← ١٥٦ بەش دەکەین بۆ

| سەدان | دەیان | یەکان |
|---|---|---|
| ١ | ٥ | ٦ |
| ١٠٠ | ٥٠ | ٦ |

× ٢

واتە ٦ + ٥٠ + ١٠٠

× ٢

١٢ + ١٠٠ + ٢٠٠ = ٣١٢

---

ئێستا ١٥٦ ← نزیك دەکەینەوە بۆ نزیکترین دە ← دەبێتە ١٦٠

× ٢ × ٢

دروست ٣١٢ ٣٢٠

خەملاَندن دروستە

و ئەگەر ژمارەی ١٥٦ ← نزیککردەوە بۆ نزیکترین سەد ← دەبێتە ٢٠٠

× ٢ × ٢

٣١٢ ٤٠٠

خەملاَندن گونجاونیە

خەملاَندن گونجاو دەبێت بۆنزیکترین دە ، سەد،...



**چالاکی** نزیك بکەوە بۆ ئەو نزیك کردنەوەی پێت گونجاوە بۆ دۆزینەوەی ئەنجام.

٥١٨ ← ....... ٦٩١٢ ← .......

× ٥ ← ٥ × ٥

× ١٣ ← ....... × ×

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# لێكدان لە ١٠ ، ١٠٠

**ئامانج** ژمارە یەك لە دەیان وسەدان بدات.

المساعد/ة العزيز/ة :-

با سەیركەین كە:-

ژمارەی دەیان ٤ دەییە



٤ × ١٠ = ٤٠

ژمارەی سەدان ٤ سەدیە



٤ × ١٠٠ = ٤٠٠

ئیستا سەیركە دوو كۆمەڵە مان هەیە هەریەكەیان سێ دەیی تیایە بە یەكگرتنیان كۆمەڵەیەكی نوێمان دەست دەكەوت (٦)دەیی تیایە كە دەكاتە(٦٠).



بۆ لێكدانی ٢ × ٣٠ (٣٠) دەبەشینەوە بۆ ٣ × ١٠

دەبێتە ٢ × ٣ × ١٠

٢ ×٣ لە ناوكوانە دادەنێین ⟸ (٢ ×٣ ) ×١٠

٦ × ١٠ = ٦٠ ئەنجام

**چالاكی** هەڵ بدە ئەم بۆشایانەی خوارەو تەواوبكەی:

- ٥ × ١٠ = ٥٠
- ......×٣٠= ٢١٠
- ٦ ×.......= ٦٠٠
- ١٠ × .....= ٥٠٠٠
- .........× ٢٠ =١٦٠

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# لێکدانی سیّ ژمارە لەیەکتر

**ئامانج** سیّ ژمارە لە یەکتر بدات.

## هاریکاری خۆشەویست

لێکدانی ژمارەکانی ٥ × ٣ × ٦ بەم ڕێگایەی خوارەوە فێربە.

٥ × ٣ × ٦

**ڕێگا ١** دوو ژمارە لە ناوکەوانە دادەنێن با ژمارەی یەکەم و دووەم بێت.

( ٥ × ٣ ) × ٦ = یەکەم جار ژمارەکانی ناو کەوانە لێك دەدەین ٥ × ٣ = ١٥

١٥ × ٦ = ٩٠ پاشان ئەنجامی لێکدانی ناو کەوانە لە ژمارەی سێیەم دەدین ١٥ × ٦ = ٩٠

**ڕێگا ٢** ئیستا هەوڵ دەدەین ئەنجامی ٥ × ٣ × ٦ بدۆزێنەوە بە گۆرینی شوێنی کەوانەکە.

٥ × (٣ × ٦ ) =

٥ × ١٨ = ٩٠

دەبینین ( ٥ × ٣ ) × ٦ = ٥ × (٣ × ٦ ) = ٩٠

کەواتە ( ) بەواتای کرداری خرکردنەوە لە لێکدان دێت.
یەکەم جار کردارەکانی ناو کەوانە ئەژمێر بکە.



**دەرئەنجام** ئەنجامی لێکدان ناگۆڕێت ئەگەر کرداری خڕکردنەوەی کۆلکەکان بگۆری بەم کردارە دەوتریت (خرکردنەوە لە لێکدان)

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجام بدۆزیەوە بە بەکارهێنانی کەوانەکان.

١) (٣× ٧ ) × ٥ = (        ) × ٥ =

٢) ٦× ٨×٩ =

٣) ٢×١٠×٧=

٤) ٩×٠×١٢=

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# دابەشكردن

## دابەشكردن بەسەر ژمارە یەكی یەك رەنووسی

**ئامانج** دابەشكردنی ژمارەیەك بەسەر ژمارەیەكی یەك رەنووسی بكات.

### هاریكاری خۆشەویست

(٢٠) ئەستێرەمان هەیە ⭐ دابەشی سەر چوار كۆمەڵەی دەكەین، دەبینین هەر كۆمەڵەیەك(٥) ئەستێرە لە خۆ دەگرێت.



واتە ٢٠ ÷ ٤ = ٥ یان

بەشكراو ← ٢٠ ، بەشدراو ← ٤ ، ئەنجام ← ٥

× ٥
٤ ⟌ ٢٠
٢٠ -
٠٠ بەبێ ماوە

دەبینین ئەستێرەكان دابەشی سەر كۆمەڵاكان كران بەیەكسانی بە بێ ئەوەی هیچ ئەستێرە بمێنتەوە :

---

لەم وێنەیەی بەرامبەر دەبینین:

٦ كۆمەڵە هەیە لە هەر كۆمەڵەیەك (٤) تۆپ هەیە.

بەڵام ٣ تۆپ لە كۆمەڵەدا نییە، كەواتە ژمارەی تۆپەكان بریتییە لە ٢٧ تۆپ یان بەكرداری دابەشكردن دەكەین.

× ٤
٦ ⟌ ٢٧
٢٤ -
٠٣ ماوە



٢٧ ÷ ٦ = ٤ و ماوە ٣

ژمارەی تۆپەكان ← ٢٧ ، ژمارەی كۆمەڵەكان ← ٦ ، ئەنجام ← ٤ ، بە بێ كۆمەڵە ← ٣

---

**چالاكی** هەوڵ بدە ئەنجام بدۆزیەوە :-

× ١ ☐☐
٥ ⟌ ٦٥٠
☐ -
١ ٥ ماوە
☐☐ -
٠٠

× ٦ ☐
٦ ⟌ ٤٠٩
☐ -
☐ ٩
☐☐ -
٠٠ ماوە



ناو ______________ بەروار ___/___/____

# كارامەییەكانی شیكاری پرسیارەكان

**ئامانج**

پرسیارەكان شیكار بكات

## هاریكاری خۆشەویست

لە ماڵی باوكی دانا (٩٦) هێلكە هەیە، ویستی دابەشی سەر (٦) خێزانی هەژاری گەرەكەكەی بكات هەر خێزانێك چەند هێلكەی بەر دەكەوێت؟

**تێبگە**

**پێدراو چییە؟** بوونی ٩٦ هێلكە.

**داواكراو چییە؟** دابەشكردنیان بەسەر ٦ خێزان.

**پلاندانێ**

**كام رێگا بەكاردێنیت؟** كرداری دابەشكردن (÷)

رستەی ژمارەیی ٩٦÷٦ دەنووسین.

**شیكاربكە**

٩٦ ÷ ٦ = ١٦ هێلكە

بەشكراو ← ٩٦، بەشدراو ← ٦، ئەنجامی دابەشكردن ← ١٦

یان:

```
      ١٦
   ┌────
 ٦ │ ٩٦
     ٦  -
   ────
     ٣٦
     ٣٦ -
   ────
     ٠٠
```

**فێربە**

ئەم رێگایە بەكاردێت لە هەر چوار كردارەكانی ئەژمێركردن بە پێی پرسیارەكان

**ساغبكەوە**

ئەنجامی دابەش لە بەشدراو دەدەم تا بەشكراوم دەست كەوێ.

ئەنجامی دابەش × بەشدراو = بەشكراو

١٦ × ٦ = ٩٦ وەڵام دروستە



**چالاكی**

پاكەتێ شیرینی بەسەر (٥) منداڵ دابەشكرا، ئەگەر هەر منداڵێك (٤) پارچە بخوات لە كۆتاییدا (٣) پارچە بمێنێتەوە ژمارەی پارچە شیرینیەكانی ناو پاكەتەكە چەند بووە؟

______________________________

______________________________



ناو ______________ بەروار ___/___/____

# خەملاندنی ئەنجامی دابەشکردن

**ئامانج** قوتابی خەملاندنی ئەنجامی دابەشکردن فێربێت.

## هاریکاری خۆشەویست

هەوڵ دەدەین ئەنجامی دابەشکردنی ٢٤٢ بە سەر ٣ بخەملێنن.

ژمارەی ٢٤٢ لەسەر هێڵی ژمارەکان دەخەینە نێوان دوو ژمارە کە توانای دابەشبوونیان بەسەر ٣ دا هەبێت بە بێ ماوە با هەردوو ژمارەکە ٢٧٠، ٢٤٠ .

بڕوانە ئەم شێوەیە




هەریەکە لە ٨٠،٩٠ دوو خەملاندنی گونجاون بۆ ئەنجامی دابەشکردن

ئێستا با نموونەی دێت وەرگرین و ئەنجام بخەملێنین ٤٠٠÷٩




هەریەکە لە ٤٠،٥٠ دوو خەملاندنی گونجاون بۆ ئەنجامی دابەشکردن

**تێبینی** بۆ ئەوەی دڵنیابیت کە خەملاندنی دابەشکردنەکەت گونجاوە هەردوو خەملاندنەکە کۆبکەوە پاشان ئەنجام دابەشی سەر ٢ بکە ئەگەر ئەنجام نزیك بوو لە ئەنجامی دابەشکردنی ئاسایی ئەوا خەملاندنەکەت دروستە.

بۆ نموونە ٤٠ + ٥٠ =٩٠ ئەنجامی کۆکردنەوەی هەردوو ژمارەکە ٤٠٠÷٩ ٤٤

٩٠ ÷ ٢ = ٤٥ ⟸ ئەنجام ÷٢ ٤٥ نزیکە لە ٤٤

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجامی دابەشکردن بۆ هەریەك لە مانەی دێن بخەملێنی:-

١) ٣٤٨÷٥ ٢) ٣٧٢÷٦









واژوی هاریکار

پۆلی چوارەم

ناو ________________ بەروار ___/___/____

# دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی دوو رەنووسی



**ئامانج** قوتابی ژمارەیێك بەسەر ژمارەیەکی دوورەنووسی دابەش بکات.

**هاریکاری خۆشەویست**

با ژمارە ٤٢٥ بەسەر١٧ دابەش بکەین

**هەنگاو ١**

- ٤٢ بەسەر ١٧، دابەش دەکەم، ئەنجامی دابەش بریتیە لە ٢
- ٢ لە ١٧ دەدەم: ٢×١٧=٣٤
- ٤٢ لە ٣٤ دەردەکەم: ٤٢−٣٤=٨
- ٨< ١٧
- بەردەوام دەبم لە شیکاری دابەشکردنەکە.

```
     × ٢
١٧ | ٤٢٥
     ٣٤  -
    ------
     ٠٨
```

**هەنگاو ٢**

- ٥ لە خانەی یەکان دەێنمە خوارەوە ژمارەکە دەبێتە ٨٥
- ٨٥ دابەشی سەر ١٧ دەکەم، ئەنجام دەبێتە ٥
- ٥ لە ١٧ دەدەم: ٥×١٧=٨٥
- ٨٥ لە ٨٥ دەردەکەم: ٨٥−٨٥=٠ ماوە سفر

```
     × ٢٥
١٧ | ٤٢٥
     ٣٤  -
    ------
     ٠٨٥
     ٠٨٥ -
    ------
      ٠٠
```

وە ئیستا ٤٥٣ دابەشی سەر ٣ دەکەم: ٤٥٣÷١٣

٤٥٣÷١٣=٣٤ ماوە ١١

```
     × ٣٥
١٣ | ٤٥٣
     ٣٩  -
    ------
      ٦٣
      ٥٢ -
    ------
  ماوە  ١١
```

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجام بدۆزیەوە:-

| ١٥ | ٢٥٨ |  | ٣٥ | ٤٢٠ |  | ١٤ | ٦٣٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|



واژوی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# کۆلکەکان و چەندجارەکان

**ئامانج** قوتابی قوتابی کۆلکەکان و چەند جارەکانی ژمارەکان دیاربکات.

## هاریکاری خۆشەویست

فێری چۆنیەتی دۆزینەوەی کۆلکەکانی ژمارە ٦ بە بۆ نموونە بە هۆی ئەم وێنانەی خوارەوە:-

ژمارە ٦ دابەشی سەر چەند کۆمەلەیەك دەکەین وەك ئەمانە:

| کۆمەڵەیەك لە ٦ | ٢ کۆمەڵە لە ٣ | ٣ کۆمەڵە لە ٢ | ٦ کۆمەڵە لە ١ |
|---|---|---|---|
| ★★★★★★ | ★★★ ★★★ | ★★ ★★ ★★ | ★ ★ ★ ★ ★ ★ |
| ٦=٦×١ | ٦=٣×٢ | ٦=٢×٣ | ٦ =١×٦ |

**دەرئەنجام** کۆلکەکانی ژمارە ٦ بریتییە ١ ، ٢ ، ٣ ، ٦.

**تێبینی**

٦ چەند جارەیە

بۆ ژمارە ٢،٣

**نشاط** هەوڵ بدە ئەم خشتانەی خوارەوە تەواو بکەیت:-

| ژمارە | کۆلکەکان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ١ | ٢ | ٤ | | | | |
| ٦ | ١ | ٢ | | ٦ | | | |
| | ١ | ٢ | ٤ | ٨ | | | |
| ١٢ | ١ | ٢ | | ٤ | | | |

| ژمارە | ژمارەی کۆلکەکانیان |
|---|---|
| ٤ | |
| ١٠ | ٤ |
| ٥ | |
| ٢٢ | |
| ٣٦ | |



| ژمارە | چەند جارەکان | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | | ٦ | | |
| ٣ | | | ١٢ | |
| ٥ | | | ٢٠ | |
| ١٠ | | | | |

ناو ______________ بەروار ___/___/____



# کۆلکە خۆبەشەکان

**ئامانجەکان**

١. قوتابی کۆڵکە خۆبەشەکان بناسێت.

٢. کۆڵکە خۆبەشەکانی ژمارەیەك بدۆزیتەوە

**هاریکاری خۆشەویست** فێربە کە:

| | | |
|---|---|---|
| ٣ × ١ = ٣ | ٣ × ٢ = ٦ | ٦ × ٢ = ١٢ |
| ٥ × ١ = ٥ | ٦ × ١ = | ٣ × ٤ = |
| ٧ × ١ = ٧ | ٤ × ٢ = ٨ | ١٢ × ١ = |
| ١١ × ١ = ١١ | ٨ × ١ = | |




ئیستا کۆڵکەخۆبەشەکانی ئەم ژمارانە دەدۆزینەوە:-







واتە ١٨ = ٢ × ٣ × ٣

واتە ٤٠ = ٢ × ٢ × ٢ × ٥

**چالاکی ١** هەوڵ بدە ژمارەی خۆبەشەکان دەوربدەی:-

٩. ٣. ١٠٠. ٢٣. ١. ١٢. ١٧.

**چالاکی ٢** هەوڵ بدە کۆڵکە خۆبەشەکانی ئەم ژمارانە بنووسێت:-









واژوی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# کۆڵەکەکان

ئامانجەکان

١. قوتابی کۆڵەکەکانی ژمارەیەك دیاربکات.

٢. قوتابی کۆڵەکە هاوبەشەکانی نێوان دوو ژمارە دیاربکات.

**هاریکاری خۆشەویست** فێری چۆنییەتی دۆزینەوەی کۆلکەکانی ژمارە ٦ بە لەم وێنەیەی خوارەوە:-

| کۆمەڵەیەك لە ٦ | ٢ کۆمەڵە لە ٣ | ٣ کۆمەڵە لە ٢ | ٦ کۆمەڵە لە ١ |
|---|---|---|---|
| ★★★★★★ | ★★★ ★★★ | ★★ ★★ ★★ | ★ ★ ★ ★ ★ ★ |
| ٦=٦×١ | ٦=٣×٢ | ٦=٢×٣ | ٦ =١×٦ |

**دەرئەنجام** کۆڵکەکانی ژمارە ٦ بریتییە١ ، ٢ ، ٣ ، ٦.

تێبینی

٦ چەند جارەیە

بۆهەردوو ژمارە

ی٢،٣

ئێستاکە با کۆڵکە هاوبەشەکانی نێوان ژمارەی ٤ ، ٨ بدۆزینەوە .

کۆڵکەکانی ژمارە ٤ بریتییە :

کۆڵکەکانی ژمارە ٤ بریتییە : ١ ٢ ٤

کۆڵکەکانی ژمارە ٨ بریتییە: ١ ٢ ٤

کۆڵکەهاوبەشەکانی نێوان ژمارەی ٤ ، ٨ بریتین لە١ ، ٢ ، ٤ .



**چالاکی** هەوڵ بدە ئەم خشتەیە تەواوبکەیت:-

| ژمارە | کۆڵکەکانیان | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | ١ | | | |
| ٨ | | | ٤ | |

کۆڵکە هاوبەشەکانی نێوانیان بریتین

لە ---------------

| ژمارە | کۆڵکەکانیان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | | | | | | | |
| ١٨ | | | | | | | |

کۆڵکە هاوبەشەکانی نێوانیان بریتین

لە ---------------

| ژمارە | ژمارەی کۆڵکەکان | ژمارە | ژمارەی کۆڵکەکان | ژمارە | ژمارەی کۆڵکەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | | ٧ | | ٥٠ | |

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# چەند جارەکان

**ئامانج** بچوکترین چەند جارەی هاوبەش لە نێوان دوو ژمارەدا دیاردەکات.

## هاریکاری خۆشەویست

چەند جارەکانی ژمارە ٢ بریتیە لە : ٢ ، ٤ ،٦ ، ٨ ، ١٠ ، ١٢، ...

چەند جارەکانی ژمارە ٦ بریتیە لە : ٦ ،١٢ ، ١٨ ، ٢٤ ، ٣٠ ، ...

دەبینین ژمارە ٦ ، ١٢ دوو چەند جارەی هاوبەشن لە نێوان هەردوو ژمارەی ٢ ، ٦

لەبەر ئەوەی ٦ > ١٢

واتە ٦ بریتیە لە بچووکترین چەند جارەی هاوبەش.

---

ئیستا کە هەوڵ دەدەین بچووکترین چەند جارەی هاوبەش لە نێوان ژمارەی ٩ ، ١٢ بدۆزینەوە.

چەند جارەکانی ژمارە ٩ بریتیە لە : ٩ ،١٨ ،٢٧ ، ٣٦ ، ...

چەند جارەکانی ژمارە ١٢ بریتیە لە : ١٢ ، ٢٤ ، ٣٦، ٤٨ ، ...

دەبینین ژمارە ٣٦ یەکەم ژمارەی هاوبەشە لە نێوان چەندەکان ٩، ١٢

لەبەر ئەوە ٣٦ بریتیە لە بچووکترین چەند جارەی هاوبەش .

---

**چالاکی ١** هەوڵ بدە ئەم خشتەیە تەواو بکەیت :-

| ژمارە | چەندجارەکان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | | | | | | |
| ٧ | | | | | | |
| ٥ | | | | | | |



لە بیرت نەچێ

بچوکترین چەند جارەی هاوبەش بریتیە لەیەکەم ژمارەی هاوبەشی دەرکەوتوو لە نێوان چەند جارەکان.

**چالاکی ٢** هەوڵ بدە بچوکترین چەند جارەی هاوبەش بۆ هەردوو ژمارەی ٣ ، ٦بدۆزیەوە:

چەند جارەکانی ژمارە ٣ : ...... ، ...... ، ......

چەند جارەکانی ژمارە ٦ : ...... ، ...... ، ......

بچوکترین چەند جارەی هاوبەش بریتییە: .........

ناو ________ بەروار ___/___/____

# توانای دبەشبوون



**ئامانجەکان**

١. توانای دابەشبوون فێرببێت

٢. توانای دابەشبوون بەسەر ٢، ٥، ١٠ بدۆزیتەوە.

## هاریکاری خۆشەویست

با ١٢ تۆپ وەرگرین و دابەشی سەر ٣ کۆمەڵەی بکەین هەروەك ئەم شێوەیە:



دەبینین هەر کۆمەڵیەك ( ٤ ) تۆپی بەردەکەوێت هیچ تۆپ نامێنێتەوە.

بەمە دەزانین ١٢ توانای دابەشبوونی بەسەر ٣ هەیە.

با ئەم ژمارانە دێت وەرگرین:

| ٦ | ٣٥ | ٧٠ |
|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ |
| خانەی یەکانی جووتە | خانەی یەکانی ( ٥ ) | خانەی یەکانی صفر |
| توانای دابەشبوونی بەسەر ٢ هەیە | توانای دابەشبوونی بەسەر٥هەیە | توانای دابەشبوونی بەسەر١٠هەیە |
| بە بێ ماوە | بە بێ ماوە | بە بێ ماوە |




**دەرئەنجام**

- هەموو ژمارەیەکی جووت توانای دابەش بوونیان بەسەر٢هەیە بەبێ ماوە.
- هەرژمارەیەك خانەی یەکانی ( ٠ ) یان ( ٥ ) بێت دابەش دەبێتە سەر ٥ بەبێ ماوە.
- هەرژمارەیەك خانەی یەکانی ( ٠ ) بێت دابەش دەبێتە سەر ١٠ بەبێ ماوە.

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەم خشتەیە تەواوبکەیت بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدەوە:-

| توانای دابەشبوون | ٨١٨ | ٣٩٠ | ٤٢٥ | ٦٦٦٦ | ٧٠٠٠ | ١٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| توانای دابەشبوونی بەسەر٢هەیە | | | | | | |
| توانای دابەشبوونی بەسەر٥هەیە | | | | | | |
| توانای دابەشبوونی بەسەر١٠هەیە | | | | | | |



ی هاریکار



ناو ________________ بەروار ___/___/____

# ئەندازە

**ئامانج** چەند چەمکێکی ئەندازەیی بناسێت.

**هاریکاری خۆشەویست** لەم خشتەیەدا فێری ئەم چەمکانە دەبین:-

| چەمکی ئەندازەیی | شێوەکەی | خوێندنەوەی | نووسینی |
|---|---|---|---|
| خاڵ (شوێن) | أ ۰ | خاڵ أ | خاڵ أ |
| ڕاستەهێڵ |  | راستەهێلی أ ب<br>راستەهێڵی ب أ | أ ب ، ب أ |
| تیشك |  | تیشکی أ ب | أ ب |
| پارچە ڕاستەهێڵ |  | پارچە راستەهێلی أ ب<br>پارچە راستەهێڵی ب أ | أ ب ، ب أ |

هێمای ستوون بوون ⊥

✪ وەئەگەر ئیستا دوو ڕاستەهێڵی أب، جـ د وەرگرتن، لەم خشتەیەدا فێری ئەم چەمکانە دەبین :-

| شێوەی ئەندازەیی | خوێندنەوەیان | نووسینیان | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|
|  | راستەهێلی أب وە راستەهێلی جـ د یەکتریان بریوە لە خالّی هـ . | أ ب ∩ جـ د في هـ | دوو راستەهێڵی تەرین |
|  | راستەهێل أب ستوونە لەسەر راستەهێلی جـ د لە خالّی هـ | أ ب ⊥ جـ د في هـ | دوو راستەهێڵی ستوونن |
|  | راستەهێلی أب تەریبە لەگەڵ راستەهێلی جـ د . | أ ب // جـ د | دوو راستەهێڵی تەریبن |

هێمای تەریب بوون //

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەم شێوانەی خوارەوە بخوێنییەوە پاشان بیان نووسیت:-

۰ ل













---------------- ---------------- ---------------- ---------------- ----------------

---------------- ---------------- ---------------- ---------------- ----------------



واژوی هاریکار



ناو ______________ بەروار ___/___/____

# گۆشەکان

**ئامانجەکان**

١. گۆشەکان بناسێت.

٢. جۆرەکانی گۆشە بناسێت.

## هاریکاری خۆشەویست

هەریەك لەم شێوانە گۆشە دەنوێنن. و هەرگۆشەیەك پێکهاتووە لە دووتیشك (دوو لا) و خاڵی سەرەتا (سەرە گۆشە).




بچوکتر لە وەستاو

گۆشەی تیژە

دەخوێندرێتەوە گۆشەی ب جـ أ

یان أ جـ ب

و دەنوسرێت ب جـ^ أ یان أ جـ^ ب




گۆشەی وەستاو

دەخوێندرێتەوە گۆشەی جـ د هـ

یان هـ د جـ

و دەنوسرێت جـ د^ هـ یان هـ د^ جـ




گەورەترە لە وەستاو

گۆشەی کراوەیە

دەخوێندرێتەوە گۆشەی ل و م

یان م و ل

و دەنوسرێت ل و^ م یان م و^ ل

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەمانە تەواو بکەیت : -










| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرە گۆشە | ------------ | ------------ | ------------ |
| دوولای گۆشە | ------------ | ------------ | ------------ |
| هێمای گۆشە | ------------ | ------------ | ------------ |
| جۆری گۆشە | ------------ | ------------ | ------------ |

پیتی ناوەڕاست لە کاتی خوێندنەوە و نووسینی گۆشە سەرەگۆشە دەنوێنێ



واژوی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/_____

# جووتبوون و هاوشێوەبوون



**ئامانجەکان**

١. جووتبوون و هاوشێوەبوونی شێوەکان بناسێت.

٢. جیاوازی لە نێوان جووتبوون و هاوشێوەبوون بکات.

## هاریکاری خۆشەویست



ئەم دوو شێوەیە لەسەر یەکتر دادەنێین



هەردوو سێگۆشەکە لەسەر یەکتر دادەنێین



دەبینین بە تەواوەتی جووت نەبووینە

جووتب نینە بەلاّم هاوشێوەنە



دەبینین بە تەواوەتی جووت بووینە

جووتن و هاوشێوەن

**دەرئەنجام** هەموو دوو شێوەی جووتبوو هاوشێوەن بەلاّم پێچەوانەکەی دروست نییە.

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەم خشتەیە تەواو بکەیت بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدەوە:-

| شێوەکان | جووتن | هاوشێوەن |
|---|---|---|
|  | | |
|  | | |
|  | | |
|  | | |





واژوی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/____



# کەرتە یەکسانەکان (هاوتاکان)

**ئامانج** کەرتە هاوتاکان (یەکسانەکان) فێرببێت.

## هاریکاری خۆشەویست

بیر لەم شێوانە بکەوە:



| $\frac{٣}{٤}$ | $\frac{١}{٤}$ | $\frac{١}{٣}$ | $\frac{١}{٢}$ |
|---|---|---|---|
| سیٚ چارەك | چارەك | سێیەك | نیو |

**فێربە**



$\frac{٦}{٩}$     $\frac{٤}{٦}$     $\frac{٢}{٣}$

$$\frac{٦}{٩} = \frac{٤}{٦} = \frac{٢}{٣}$$

(× ٢ ، × ٣)

واتە $\frac{٢}{٣} = \frac{٤}{٦} = \frac{٦}{٩}$ و بەم کەرتانە دەوترێت کەرتە هاوتا کان (یەکسانەکان)

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەمانە تەواوبکەیت:-

✪ $\frac{١}{٢} =$ ____ (× ٤)

✪ $\frac{٣}{٥} =$ ____ (× ٢)

✪ $\frac{١}{٧} =$ ____ $=$ ____

✪ $\frac{٤}{١٠} =$ ____ $=$ ____

✪ $\frac{٣}{٨} =$ ____ $=$ ____

ناو ______________ بەروار ___/___/____



# بەراوردکردنی کەرتەکان

**ئامانجەکان**

١. فێربێت کەرتەکانی ژێرە یەکسان بەراورد بکات.

٢. فێربێت کەرتەکانی ژێر جیاواز بەراورد بکات.

## هاریکاری خۆشەویست

ئەگەر ژێرەکان یەکسان بوون سەرەکانیان بەراورد بکە سەرەی کام کەرت گەورەتربوو ئەوە ئەم کەرتە گەورەترە.



با پێکەوە بیر لەم شێوانەی خوارەوە بکەینەوە:-



$\frac{٦}{٩}$ $\frac{٣}{٩}$

$٣ < ٦$

أي $\frac{٣}{٩} < \frac{٦}{٩}$ .

ئیستا بەهۆی ئەم شێوانەی خوارەوە فێری بەراوردکردنی هەردوو کەرتی $\frac{٣}{٤}$ ، $\frac{٣}{٥}$ ببین.



١

$\frac{٣}{٥}$

$\frac{٣}{٤}$

دەبینین کەوا $\frac{٣}{٥} < \frac{٣}{٤}$.

**چالاکی**

هەوڵ بدە نیشانەی < یان > یان = لە ناو بازنەکان دابنێ ی.

✪ $\frac{٣}{١٠}$ ○ $\frac{٣}{٤}$ .

✪ $\frac{٥}{٧}$ ○ $\frac{٤}{٧}$ .

✪ $\frac{٤}{٥}$ ○ $\frac{٤}{٥}$ .

✪ $\frac{٢}{٥}$ ○ $\frac{٥}{٨}$ .

✪ $\frac{٤}{٦}$ ○ $\frac{٤}{٧}$ .

✪ $\frac{٥}{١٢}$ ○ $\frac{٧}{١٢}$ .



ناو ______________ بەروار ___/___/____

# کۆکردنەوە و لێدەرکردنی کەرتەکان

**ئامانج** کەرتە ژێر یەکسانەکان کۆبکاتەوە یان لێك دەربکات.

## هاریکاری خۆشەویست

با $\frac{١}{٥}$، $\frac{٢}{٥}$ لێك دەربکەین.

شێوەی بەرامبەر بەکاردێنین بۆ روونکردنەوەی کۆکردنەوەی کەرتەکان هەر کاتێك ژێرەیان یەکسان بوو (تەنها سەرەکانییان کۆ دەکەینەوە بە بێ گۆڕینی ژێرەکانیان).

$$\frac{١}{٥} + \left(\frac{١}{٥}\ \frac{١}{٥}\right) = \left(\frac{١}{٥}\ \frac{١}{٥}\ \frac{١}{٥}\right)$$

$$\frac{١}{٥} + \frac{٢}{٥} = \frac{٣}{٥}$$

ئێستاکە با ئەنجامی $\frac{٥}{٧} - \frac{٣}{٧} =$ بدۆزینەوە.

هەرکاتێك ژێرەکانیان یەکسان بوو سەرەکانیان لێك دەردەکەین بەبێ گۆڕینی ژێرەکانیان.

$$\left(\frac{١}{٧}\ \frac{١}{٧}\ \frac{١}{٧}\ \frac{١}{٧}\ \frac{١}{٧}\right) - \left(\frac{١}{٧}\ \frac{١}{٧}\ \frac{١}{٧}\right) = \left(\frac{١}{٧}\ \frac{١}{٧}\right)$$

$$\frac{٥}{٧} - \frac{٣}{٧} = \frac{٢}{٧}$$

$$\frac{٥}{٧} - \frac{٣}{٧} = \frac{٥ - ٣}{٧} = \frac{٢}{٧}$$

---

**چالاکی** هەوڵ دەدەم ئەنجام بدۆزمەوە:-

$\frac{٤}{١٠} + \frac{٣}{١٠} =$ ______ = ____

$\frac{٦}{٩} + \frac{٢}{٩} =$ ______ = ____

$\frac{٥}{٦} + \frac{٢}{٦} =$ ______ = ____

$\frac{١٢}{١٥} - \frac{٦}{١٥} =$ ______ = ____

$\frac{٩}{٢} - \frac{٧}{٢} =$ ______ = ____

$\frac{٣}{٧} + \frac{٢}{٧} =$ ______ = ____

$\frac{٨}{١٢} - \frac{٣}{١٢} =$ ______ = ____

$\frac{١٢}{١٧} - \frac{٥}{١٧} =$ ______ = ____



واژۆی هاریکار



ناو ______________ بەروار ___/___/_____

# کۆکردنەوەی کەرتەکان ولێدەرکردنیان

**ئامانج** کۆکردنەوە یان لێدەرکردنی ئەو کەرتانەی کە ژێرەیان یەکسانین

## هاریکاری خۆشەویست

ئێستا با هەردوو کەرتی $\frac{١}{٧}$ ، $\frac{٣}{١٤}$ بدۆزینەوە

$\frac{١}{٧} + \frac{٣}{١٤} =$

✪ $\frac{١}{٧} = \frac{٢}{١٤}$ (٢ ×)

کەرتی $\frac{١}{٧}$ هاوتا دەبێت لەگەڵ کەرتی $\frac{٢}{١٤}$ بە لێکدانی سەرەو ژێرە × ٢

با ئێستا کۆبکەینەوە $\frac{٢}{١٤} + \frac{٣}{١٤} = \frac{٢ + ٣}{١٤} = \frac{٥}{١٤}$ (کۆکردنەوەی دوو کەرت ئاسانە کە هەمان ژێرەیان هەبێت).

ئێستا با $\frac{٧}{٩} - \frac{٢}{٣} =$ وەرگرین.

$\frac{٢}{٣}$ دەگۆڕین بۆ کەرتێکی هاوتا بە لێدانی سەرەو ژێرەی لە × ٣ .

✪ $\frac{٢}{٣} = \frac{٦}{٩}$ (٣ ×)

ئێستا ئەنجامدانی کردارەکە ئاسان بوو چوونکە ژێرەکانمان یەکسان کرد.

واتە $\frac{٧}{٩} - \frac{٦}{٩} = \frac{٧ - ٦}{٩} = \frac{١}{٩}$

یۆ کۆکردنەوە یان لێدەرکردنی
کەرتە ژێرە جیاوازەکان
ژێرەکان یەکسان دەکەین.



وارۆی هاریکار

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجامی ئەمانەی خوارەوە بدۆزیەوە:-

✪ $\frac{٧}{٨} - \frac{١}{٢} =$

✪ $\frac{١١}{١٢} - \frac{٣}{٤} =$

✪ $\frac{٣}{٥} + \frac{٢}{١٥} =$

✪ $\frac{٤}{٥} - \frac{١}{٤} =$

✪ $\frac{١}{٦} + \frac{١}{٣} =$

✪ $\frac{٣}{٧} + \frac{٢}{٣} =$

ناو ________________ بەروار ___/___/____



# ژمارە کەرتدارەکان

**ئامانج** ژمارەی کەرتدار بناسێت.

## هاریکاری خۆشەویست

نازدار کوپێك و چارەکی شیری پێویستە بۆ ئامادەکردنی کێکەك.



$\frac{1}{4}$    ١

دەخوێندرێتەوە: وە کوپێك و چارەکێ.

دەنووسرێت $1\frac{1}{4}$ بەمە دەوترێت ژمارەی کەرتدار.

چونکە لە ژمارەی تەواوی ( ١ ) و کەرتی ( $\frac{1}{4}$ ) پێك دێت.

وەئیستا سەیری شێوەی دێت بکە کە کەرتی $\frac{7}{5}$ دەنوێنێت.



١    $\frac{2}{5}$

$\frac{7}{5} = 1\frac{2}{5}$

دەتوانین کەرتی $\frac{7}{5}$ بگۆڕین بۆ ژمارەی کەرتدار بەرێگای دابەشی درێژ

$7 \div 5 = 1$ و ماوە ٢

ژێرە ← ٥ ، ژمارەی تەواو ← ١ ، سەرە ← ٢

$$\begin{array}{r|l} 7 & 5 \\ -5 & 1 \\ \hline 2 & \end{array}$$

ژمارەی تەواو ١ ، ژێرە ٥ ، سەرە ٢

**چالاکی ١** هەوڵ بدە ژمارەی کەرتداری گونجاو بۆ هەروێنەیەك بنووسێت.





---------------------------    ---------------------------

**چالاکی ٢** هەوڵ بدە کەرتەکان لەسەر شێوەی ژمارەی کەرتداربنووسە:-

$\frac{5}{3} =$ ____    $\frac{13}{4} =$ ____    $\frac{19}{5} =$ ____



ناو ______________ بەروار ___/___/_____

# کۆکردنەوەو لێدەرکردنی ژمارە کەرتدارەکان

**ئامانج** ژمارە کەرتدارەکان کۆبکاتەوە و لیدەربکات.

## هاریکاری خۆشەویست

با $۱\frac{۳}{۵} + ۲\frac{۱}{۵}$ کۆبکەینەوە.

سەرەتا هەردوو کەرتەکە کۆ دەکەینەوە پاشان هەردوو ژمارە تەواوەکە کۆدەکەینەوە.

$$\left(\frac{۳}{۵} + \frac{۱}{۵}\right) + (۱ + ۲)$$

$$\left(\frac{۳ + ۱}{۵}\right) + ۳$$

$\frac{۴}{۵} + ۳$ ئەنجامی لەسەر شێوەی ژمارە دەیی بریتیە $۳\frac{۴}{۵}$

---

با $۳\frac{۵}{۸} - ۲\frac{۱}{۸}$ وەربگرین.

سەرەتا کەرتەکان لێك دەردەکەین پاشان ژمارە تەواوەکان

$$\left(\frac{۵}{۸} - \frac{۱}{۸}\right) + (۳ - ۲)$$

$$\left(\frac{۵ - ۱}{۸}\right) + ۱$$

$\frac{۴}{۸} + ۱$ ئەنجام لەسەر شێوەی ژمارەی کەرتدار بریتیە لە $۱\frac{۴}{۸}$

**لەبیرت بێ**

کاتێك دوو ژمارەی کەرتدار کۆدەکەینەوە، سەرەتا کەرتەکان کۆبکەوە، پاشان ژمارە تەواوەکان

---



**چالاکی** چۆن دەتوانیت ئەنجام بدۆزیەوە:-

✪ $۲\frac{۱}{۶} + ۷\frac{۱}{۶} =$

✪ $۵\frac{۲}{۳} - ۳\frac{۱}{۳} =$



واژوی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# ژمارە دەییەکان

**ئامانج** ژمارە دەییەکان بناسێت.

**هاریکاری خۆشەویست** با سەیری ئەم شێوانە بکەین:-



دەنووسرێت لەسەر شێوەی ژمارەی کەرتدار : $٣ \frac{٢}{١٠}$

وەلە سەر شێوەی ژمارەی دەیی : ٣.٢

$\frac{٢}{١٠}$ واتە ٠,٢ ٣ دەیی (٣ ی تەواو) دەنوێنێ.

**لەبیرت بێ**

لەکاتی نووسینی کەرت بە شێوەی ژمارەی دەیی پێویستە ژێرەی کەرتەکان بکرێنە ١٠ یان ١٠٠ یان ١٠٠٠یان ...



**دەرئەنجام** ژمارەی دەیی بریتیە لە و ژمارەیەی یەك رەنووس یان زیاتری هەیە لە لای راستی فاریزەی دەیی.

ئیستا ئەگەر ئەم نموونانە وەرگرین:-

✪ $٣ \frac{٤}{٥} = ٣ \frac{٢ \times ٤}{٢ \times ٥} = ٣ \frac{٨}{١٠} = ٣,٨$

کەرتەکان هاوتان — ژمارەی کەرتدار — ژمارەی دەیی

✪ $١ \frac{٣}{٢٥} = ١ \frac{٤ \times ٣}{٤ \times ٢٥} = ١ \frac{١٢}{١٠٠} = ١,١٢$

کەرتەکان هاوتان — ژمارەی کەرتدار — ژمارەی دەیی

✪ $٧,٣١٥ = \frac{٧٣١٥}{١٠٠٠} = ٧ \frac{٧٣١٥}{١٠٠٠}$

**چالاکی** هەوڵ بدە هەژمارەیەك لەسەر شێوەی ژمارەی کەرتدار یان ژمارەی دەیی بنووسێت:-

✪ $٦ \frac{١}{٤} =$ ✪ $٢٦ \frac{٣}{٥} =$

✪ ١٧.٥ = ✪ ٣.٠٨ =



ناو ________________ بەروار ___/___/____

# ژمارە دەییەکان
## دەیەکیەکان

**ئامانج** کەرتەکان بە دەیەکی و سەدیەکی و هەزاریەکی بناسێت.

### هاریکاری خۆشەویست



| | | | |
|---|---|---|---|
| بەشێوەی کەرتی: | $\frac{٣}{١٠}$ | $\frac{٣}{١٠٠}$ | $\frac{٣}{١٠٠٠}$ |
| بەشێوەی دەیی: | ٠، ٣ | ٠، ٠٣ | ٠,٠٠٣ |
| خوێندنەوەیان: | سێ لە دە | سێ لە سەد | سێ لە هەزار |

---

**فێربە!!!!! ئەگەر ژمارە ٨٢٣ ، ٠ مان هەبێت.**

بەهای ڕەنووسی ٨ لە ژمارەکە بریتیە لە $\frac{٨}{١٠}$ = ٨ ، ٠

بەهای ڕەنووسی ٢ لە ژمارەکە بریتیە لە $\frac{٢}{١٠٠}$ = ٢ ٠، ٠

بەهای ڕەنووسی ٣ لە ژمارەکە بریتیە لە $\frac{٣}{١٠٠٠}$ = ٣ ٠٠، ٠

شێوەی درێژی بۆ ژمارە ٨٢٣ ، ٠ بریتیە لە ٣ ٠٠ ،٠ + ٢ ٠ ،٠ + ٨ ،٠

---

**چالاکی** ئەم خشتەیە تەواو بکە:-

| شێوەی ڕەنووسی | شێوەی درێژی | شێوەی کەرتی |
|---|---|---|
| ٠,٦٣٤ | ٠,٦+ ٠,٠٣ +٠,٠٠٤ | $\frac{٦٣٤}{١٠٠٠}$ |
| ٠,٠١٨ | | |
| | | $\frac{٣}{١٠٠٠}$ |

ناو ________________ بەروار ___/___/____

# بەراوردکردن و ریزکردنی ژمارە دەییەکان



**ئامانج** قوتابی فێری بەراوردکردن و ریزکردنی ژمارە دەییەکان

## هاریکاری خۆشەویست



کارزان بە پایسکلەکەی شەقامێکی بڕی درێژیەکەی ١,٦٤ کم بوو، وە کاوان شەقامێکی تری بڕی درێژیەکەی ١,٦٠ کم بوو کام لەم دوو شەقامە درێژترینیانە؟

خشتەی خانەکان بەکاردێنین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارە:-

| بەشەکان لە هەزار | بەشەکان لە سەد | بەشەکان لە دە | فاریزە | ژمارەی تەواو |
|---|---|---|---|---|
| ............... | ٤ | ٦ | , | ١ |
| ............... | ٠ | ٦ | , | ١ |

٤ > ٠ ٦ = ٦ ١ = ١

کەواتە ژمارە ١،٦٤ > ١،٦٠

ئەو شەقامەی کارزان بڕیویەتی درێژترینیانە.

---

با ئەم ژمارانە ١،٣٢ ، ٠،٨٦ ، ١،٢٩ ریزبکەین لە بچوکەوە بۆ گەورە.

١,٣٢

٠,٨٦

١,٢٩

١ > ٠

کەواتە ٠,٨٦ لە هەموویان بچوکترە

١,٣٢

١,٢٩

١ = ١ ژمارە تەواوەکان کۆبکەن

٣ > ٢

کەواتە ١,٣٢ > ١,٢٩

**ریزکردنی ژمارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە بریتیە لە:-**

١،٣٢، ١،٢٩ ، ٠،٨٦

---

**چالاکی ١** با هەوڵ بدەین بەراورد لە نێوان ژمارەکان بکەین بە دانانی نیشانەی > ، < لە بۆشاییەکان:

✪ ٠،٧٢ .... ٠،٨٤ ✪ ٠،٦١ .... ٠،١٦

✪ ٣،٦٠٠ .... ٣،٦٢ ✪ ١،٩٩ .... ١،٥٠

ژمارە کان بەراورد دەکەین بە دەست پێکردنی بەبەهای خانە گەورەکە (لە چەپەوە بۆراست).

---

**چالاکی ٢** هەوڵ بدە ژمارەکان لە گەورە وە بۆ بچووك ریزبکەی:

٢،٠٣ ، ٢،١٥ ، ٢،١٠ ، ٢،١١

ناو ________________ بەروار ___/___/____



# کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارە دەیییەکان

**ئامانجەکان**

١. دوو ژمارەی دەیی کۆبکاتەوە.

٢. دوو ژمارەی دەیی لێك دەربکات.

## هاریکاری خۆشەویست




چۆن دەتوانین دوو ژمارەی دەیی کۆبکەینەوە؟

بیرورات چییە؟ ئەگەر ئەم ڕێگایەت نیشان بدەم؟

ئەو شێوەیەی بەرامبەر کە چوار گۆشە دەنوێنێ وەردەگرین و دەیکەینە ١٠٠ چوار گۆشەی بچووکی یەکسان ئەم چوارگۆشە بچووکانە بەکاردەینین بۆ نواندنی هەردوو ژمارەکە پاشان کۆیان دەکەینەوە.

با ئیستا ژمارە٠,١٦ لەگەڵ ٠,٢٧ کۆبکەینەوە.

ژمارەی ٠,١٦ لە شێوەی بەرامبەر بە ڕەنگی شین دەنوێنین

ژمارەی ٠,٢٧ لە شێوەی بەرامبەر بە ڕەنگی سوور دەنوێنین

ئیستا چوارگۆشە ڕەنگکراوە سوور و شینەکان دەژمێرین دەبینین دەکەنە( ٤٣ ) چوارگۆشە لە سەد چوارگۆشە واتە $\frac{٤٣}{١٠٠}$ = ٠,٤٣

---

دەتوانین ئەنجام بدۆزینەوە بە بێ بەکارهێنانی تەختەی چوارگۆشەکان بە کۆکردنەوەی ژمارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ دانانی فاریزە لە شوێنی خۆی .

٠,١٦ + ٠,٢٧ = ٠,٤٣

---

ئێستا ئەنجامی : ٠,٨٦ – ٠,١٤ دەدۆزمەوە.

```
  ٠٨٦
- ٠١٤
------
  ٠.٧٢
```




---

**چالاکی** هەوڵ بدە ئەنجامی ئەمانەی خوارەوە بدۆزیەوە:

✪ ٠,٣٦ + ٠,١٥ = ......

✪ ٢,٣٧ – ١,٥٤ =......

✪ ٣,٧٥ – ١,٣٣ = ......

✪ ٧,٣ + ١,٠٣٥ = ......

✪ ١,٤٥ – ٠,٣٧ = ......

✪ ٥,١٧ + ١,٢٥= ......



واژوی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# نزیکردنەوەی ژمارە دەییەکان

**ئامانجەکان**

١. ژمارەکە بۆ نزیکترین ژمارەی سروشتی نزیك بکەوە.

٢. ژمارەکە بۆ نزیکترین بەشەکانی دە و سەد و هەزار نزیك بکەوە.

## هاریکاری خۆشەویست

سەیرکە بۆ نزیککردنەوە لە:-

بۆ نزیکترین ژمارەی سروشتی ⇓ سەیری ڕەنووسی دوای فاریزە (خانەی دەیەکی) بکە

نزیکترین بەش لەدە ⇓ سەیری خانەی سەدیەکی (بەشەکانی سەد) بکە

نزیکترین بەش لەسەد ⇓ سەیری خانەی هەزار یەکی (بەشەکانی هەزار) بکە

نزیکترین بەش لە هەزاران ⇓ سەیری خانەی دەهەزار یەکی (بەشەکانی دەهەزار) بکە

✪ ئەگەر ڕەنووسەکەی پێشی < ٥ ئەوا لە شوێنی ڕەنووسەکە و ڕەنووسەکانی پێشی سفردادەنرێت هیچ بۆڕەنووسەکە زیاد ناکرێت.

✪ ئەگەر ڕەنووسەکەی پێش ٥ بوو یان گەورەتربوو لە ٥ ئەوا لە شوێنی ٥ و ڕەنووسەکانی تر سفر دادەنرێت و (١) بۆ ڕەنووسەکە زیاد دەکرێت.

**مثال** هەوڵ بدە ئەو ژمارانەی خوارەوە بۆ نزیکردنەوەیەکی گونجاو نزیك بکەیتەوە:-

| ژمارە | نزیکترین ژمارەی سروشتی | نزیکترین بەش دە | نزیکترین بەشی سەد | نزیکترین بەش لە هەزاران |
|---|---|---|---|---|
| ٤,٢ | ٤ | ٤,٠ | ............... | ............... |
| ٦,٤٨ | ٦ | ٦,٥٠ | ٦,٠٠ | ............... |
| ٧,٨٣٥ | ٨ | ٧,٨٤٠ | ٧,٨٠٠ | ٨,٠٠٠ |

**چالاك** هەوڵ بدە هەر ژمارەیەك بۆ بەهای خانەیی ڕەنووسی ڕەنگکراوەکە نزیك بکەیتەوە.

٤,٨٦ ـــــــــ

٣,١٧ ـــــــــ

٧,٧١ ـــــــــ

٤٨,٨٩٢ ـــــــــ



ناو ______________ بەروار ___/___/_____

# پێوان

## (درێژیی)

**ئامانج** یەکەکانی درێژی بناسێت.

**هاریکاری خۆشەویست** سەیری ئەمانە بکە :





نزیکەیی ١ سانتیمەتر

١ سم

نزیکەیی ١ مەتر

١ م

دەتوانین ٣ کیلو مەتر بە مەتر بەم شێوەیەی دێت بنووسرێت.

١ کیلومەتر = ١٠٠٠ مەتر

٣ × ١٠٠٠ = ٣٠٠٠ مەتر

**تێبینی** بۆ گۆڕینی یەکەیەکی گەورە بۆ یەکەیەکی بچووك لێکدان بەکار دەینین.
بۆ گۆڕینی یەکەیەکی بچووك بۆ یەکەیەکی گەورە دابەش بەکار دەینین.

وەهەروەها :

٢٥ دسم دەگۆڕین بۆ سانتیمەتر بەم شێوەیە

١ د سم = ١٠ سم

واتە ٢٥ × ١٠ = ٢٥٠ سم

= ٢ مەتر + ٥٠ سم




**چالاك١** هەوڵ بدە ئەمانە تەواوبکەیت:

٢ سم = ......... ملم

٧ م = ......... ملم

١٠ کم = ......... م

٣ م = ......... د سم

٧٥٠٠ سم = ......... م

١٠٠٠ ملم = ......... سم

٥٠٠ سم = ......... د سم

**چالاك٢** بۆ هەریەك لەم شێوانەی خوارەوە یەکەیەکی گونجاو هەڵبژێرە بۆ پیا



دێژیی مێزێك نزیکەی ..........



دێژیی گەڵایەك نزیکەی ..........



دێژیی نیشینگەی فرۆکەخانەیەك نزیکەی ..........



ناو ______________ بەروار ___/___/_____

# چێوە

**ئامانج** چێوەی شێوە چەندلاکان ئەژمێربکات.

## هاریکاری خۆشەویست

لە ساڵی رابردوو فێربوویت کەوا چێوەی هەر شێوەیەك بریتیە لە کۆی پێوانەی هەموولایەکانی .

بۆ نموونە ئێستاکە چێوەی ئەم شێوانە ئەژمێر دەکەین :




چێوەی سێگۆشە =
٣ + ٥ + ٧ =
١٥ سم

چێوەی لاکێشە=
٤ + ٧ + ٤ + ٧=
٢٢ سم

چێوەی ئەم شێوەیە=
٢ + ٣ + ٢ + ٨ =
١٥ سم

---

**چالاك١** سەیری ئەم شێوانەی خوارەوە بکەو چێوەکانیان ئەژمێربکە .




چێوەی چوارگۆشە=......  چێوەی لاکێشە = ......  چێوەی ئەم شێوە = ......

---

**چالاك٢** ئەم دەستەواژە ناتەواوانە تەواو بکە :




چێوەی =...............

چێوەی شێوەکە یەکسانە بە ٢٥

٦ + ٤ + ٨ + ......= ٢٥ م



ناو ________________ بەروار ___/___/____

# ڕووبەر

**ئامانج** چەمکی ڕووبەر بناسێت.

## هاریکاری خۆشەویست

با بەیەکەوە سەیری ئەم دوو شێوەیە بکەین تیایدا ژمارەی چوارگۆشەکانی هەریەك لە شێوەکان بژمێرە .



با بەیەکەوە چوارگۆشەکانی ئەم شێوەیە بژمێرین دەبینین ژمارەیان یەکسانە بە ١٢ چوارگۆشە ئەمە ڕووبەری شێوەکە دەنوێنێ.

واتە ڕووبەری شێوەکە = ١٢ چوارگۆشە



با بەیەکەوە چوارگۆشەکانی ئەم شێوەیە بژمێرین دەبینین ژمارەیان یەکسانە بە ١٨ چوارگۆشە ئەمە ڕووبەری شێوەکە دەنوێنێ.

واتە ڕووبەری شێوەکە = ١٨

**چالاك** هەوڵ دەدەم ئە ناوچانەی هەمان ڕووبەریان هەیە بناسم:



ڕووبەر = ............



ڕووبەر = ............



ڕووبەر = ............



ڕووبەر = ............



ڕووبەر = ............



واژوی هاریکار

ناو ________________ بەروار ___/___/____



# ڕووبەر

## ڕووبەری ناوچەی لاکێشە و چوارگۆشە

**ئامانج** ڕووبەری لاکێشە و چوارگۆشە بدۆزیتەوە.

**هاریکاری خۆشەویست**







ژمارەی چوارگۆشەکان = ١٢ چوارگۆشەیە

ڕووبەری لاکێشەکە = ١٢ چوارگۆشەیە

درێژی لاکێشەکە= ٦ چوارگۆشەیە

پانی لاکێشەکە = ٢ چوارگۆشەیە

١٢ چوارگۆشە = ٦ × ٢

ڕووبەری لاکێشە | درێژی لاکێشە | پانی لاکێشە

ژمارەی چوارگۆشەکان = ٩ چوارگۆشەیە

ڕووبەری چوارگۆشەکە= ٩ چوارگۆشەیە

درێژی چوارگۆشەکە = ٣ چوارگۆشەیە

پانی چوارگۆشەکە = ٣ چوارگۆشەیە

٩ چوارگۆشە = ٣ × ٣

ڕووبەری چوارگۆشە | درێژی چوارگۆشە | پانی چوارگۆشە

**لەبیرت نەچێت**

لە چوارگۆشەدا

درێژی = پانی



**دەرئەنجام**

ڕووبەری لاکێشە = درێژی × پانی

ڕووبەری چوارگۆشە = درێژی لایەکی × درێژی لایەکی

**چالاکی** سەیری ئەم دوو شێوەیەبکە و ڕووبەرکانیان بدۆزەوە.




ڕووبەر= ............




ڕووبەر= ............

ناو ________________ بەروار ___/___/_____



# خولانەوە و پلەکان

**ئامانج** خولانەوەی $\frac{١}{٤}$ خولێك و $\frac{١}{٢}$ خولێك و $\frac{٣}{٤}$ خولێك بناسێت .

**هاریکاری خۆشەویست** با سەیری ئەم بازنانە بکەین وبەشە رەنگکراوەکان بخوێنینەوە تیایدا ئەمانە تێبینی دەکەین : –




| | $\frac{١}{٤}$ خولێك | $\frac{٢}{٤}$ خولێك | $\frac{٣}{٤}$ خولێك | $\frac{٤}{٤}$ خولێکی تەواو |
|---|---|---|---|---|
| دەنوێنێ: | ٩٠ پلە | ١٨٠ پلە | ٢٧٠ پلە | ٣٦٠ پلە |
| وە دەنووسرێت: | °٩٠ | °١٨٠ | °٢٧٠ | °٣٦٠ |

---

**چالاك** هەوڵ دەدەم $\frac{١}{٤}$ خولێك ، $\frac{١}{٢}$ خولێك ، $\frac{٣}{٤}$ خولێك ، خولێکی تەواو، رەنگ بکەم.

